# یاد کردنەوەیەک لە (گەل)ی دەربەدەری چەرکەس

هیوا شەمسی بورهان
(فەڕەنسا)

چەرکەسیا ناوچەیەکە لە باکووری قەفقازیا و لە ڕۆخی دەریای ڕەشــدا هەڵکەوتووە. ئەوە لە ســەدەی شــازدەی زایینیدایە کە ناوی گەلی چەرکەس دێتە نێو مێژووی ســەردەمی مــۆدێرن، کــاتێک ســوپای ڕووســەکــان بە سەرکردایەتی ئیڤانی ترسناک (Terrible le Ivan) سنوورەکانی ڕووسیا بەرەو باشوور و قەفقازیا بەربڵاو دەکــەن. بەرزەفــڕیی ڕووســان دەبێــتــە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی ترسی ڕێ کەوێ و دەسەڵات و زیپک و زاکوونی خۆی لەو ناوچەیەدا زێدەتر بکات، بە تایبەتی بە موسڵمان کردنی خەڵکی ناوچەکە، ئیسلام هێنانی گەلانی نیشتەجێی قەفقازیا، ڕیشەکەی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە.

کێبەرکێ و ڕقەبەرایەتی نێوان ڕووس و عوسمانیان، چەندان شەڕی لێ کەوتەوە کە لە زۆربەیاندا ڕووسەکان براوە بوون، زنجیرەی ئەو شەڕانە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو دەوڵەتدا لە ســاڵی ١٨٢٩ پەیمانێک پێکەوە ببەستن بە ناوی پەیمانی ئاندرینۆپل (Andrinople'd traite) کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، سوڵتانی ئیستەنبوڵ ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش بۆ ڕووسان بەجێ دێڵێ. ناوچەیەک کە گرینگترین شاری سۆچی (Sotchi)یە و ئەگەر لەبیرمان بێ لە ٢٠١٤دا یارییەکانی ئۆلەمپیکی زستانی لەوێ بەڕێوە چوون. دیارە وەک هەمیشە لەو دابەش کردنەدا دەسەڵاتەکان پرس بە خەڵکی ناوچەکە ناکەن و چارەنووسی گەلانی بێ دەسەڵات بە قەڵەمی زلهێزەکان دەنووسرێ، ئەم نەقڵەش ڕێک بۆ گەلی چەرکەس ڕوو دەدا.

لە پاش پەیمانی ئاندرینۆپل، گەلی چەرکەس پێ دەنێتە نێو سەدەی نۆزدەی زایینی کە کێبەرکێ و ڕقەبەرایەتی ڕووسیا و بریتانیا لە ترۆپکی خۆیدا بوو. ئیمپراتۆری



**وێنەی چەند ژنێکی چەرکەس لە گرووپێکی سەمای فۆلکلۆریدا لە عەممانی پایتەختی ئوردن**

بریتانیا کە هەمیشە دەیەویست سیاسەتی ناوچەکانی بەینی ڕۆژی (مەدیترانە) دەریای ناوەڕاست و موستەعمەرەکەی (هیندوستان) بە دڵی خۆی دەستکاری بکات، دەترسا کە زێدەخوازی و بەرزەفڕی ڕووسەکان لە قەفقازیا ببێتە هەوێنی داگیرکردنی ئێران و بەسترانی ڕێی هاتوچۆی هیندوستانەکەی، بۆیە گەنجێکی سکۆتلەندی بە ناوی دەڤید ئوورکووهارت (Urquhart David) ڕادەبێ و دەچێتە ڕۆژی چەرکەسیا تا عەشیرەتەکانی وێ دژی ڕووسان لەگەڵ هەڤدوو(*) یەکگرتوو بکات، تەنانەت لە ڕۆژنامەکانی سەردەمیشدا دەنووسێ: چۆن بریتانیای گەورە توانیویەتی گەلێکی وەک چەرکەس بە هۆی بەرژەوەندی لەبیر بکات، گەلێک کە هەمیشە سەربەخۆ بووە و ئاڵای هەیە و... ! ئەو گەمە سیاسییانە، تەنانەت هەردوو دەوڵەت تا نزیک شەڕێ دەبەنە پێش، بەڵام دوایی بە ناوبژی کردنی چەند کەسایەتییەک وەک لۆرد دوورهام (Durham Lord) شەڕی بەینی ڕووسیا و بریتانیا هەڵناگیرسێ.

ڕووسەکان بۆوەی زیپک و زاکوونی خۆیان پتر دامەزرێنن، بە درێژایی ڕۆژی چەرکەسیا چەندان قەڵا چێ دەکەن، بەڵام ناتوانن بەشی پشتەوە، واتە شاخەکان بێننە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، کات دەڕواتە بەرەوە، تا لە شەڕی کریمە (Crimee)دا، سوپاکانی فەرەنسا و بریتانیا بیر لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێگای چەرکەسیا لە پشتەوەڕا تەنگ بە سوپای ڕووسان هەڵچنن. وەک هەمیشە دوای هاتنە دەرەوەی زلهێزەکان لەو ناوچەیە، گەلی چەرکەس بە تەنیا لە بەرانبەر ڕووسی بێ بەزەیی بەجێ دەمێنێ و چارەنووسێکی ڕەشی بۆ مۆر دەکرێ، ئەگەرچی چەرکەس قارەمانانە بەرگری لە خۆیان دەکەن، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٤دا ڕووس شکستیان پێ دێنن و ئەوانیش ناچار دەبن، یان ببنە پەنابەری دەوڵەتی عوسمانی، یان کۆچ بکەنە ئەو شوێنانەی ڕووسەکان بۆیان دەستنیشان دەکەن.

لێرەی مێژوودایە کە ژمارەیەکی زۆر لە گەلی چەرکەس لەناو دەچن و ئەوانەی دەمێننەوە بە خواستی عوسمانیان لە شوێنی جیاوازی وڵاتەکەیاندا نیشتەجێ دەکرێن وەک: کۆزۆڤۆ، ئاناتۆلی، سووریا، ئوردن، فەلەستین و لبنان. ئەمڕۆکە نزیک بە دوو ملیۆن کەس لەو خەڵکە هێشتاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین.

من هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو گەلەم نەدەناسی و کاتێک لە چەند ڕۆمانی مێژووییدا ناویانم بەرگوێ کەوت، سەرنجم ڕاکێشرا تا شتێک سەبارەت بە مێژووەکەیان بزانم، کاتێک لەبارەیانەوە خوێندمەوە، تێگەیشتم چارەنووسیان لە هی کوردان تاڵتر و کارەساتتر بووە. لە کۆتایی وتارەکەمدا شتێک دەگێڕمەوە کە برادەرێکی سووریایی سەبارەت بەو گەلە بۆی باس کردم: «گەلی چەرکەس ماسی ناخۆن، چونکە دەڵێن کاتێک باب و باپیرانیان تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بوون، لە جێیەک دەبایە لە ڕووبارێکی گەورە پەڕیبانەوە، ئەو کەسەی لۆتکەی پێ دەبێ و بە پارە خەڵکەکەی لە ڕووبار دەپەڕاندەوە، بۆوەی پارەیەکی زۆرتر کۆ بکاتەوە سواری دەکردن، بەڵام لە نیوەی ڕێگایەدا فڕێی دەدانە نێو ئاوێ و دەگەڕایەوە تا وەجبەیەکی دیکە سوار بکات. چەرکەس دەڵێن چونکە ماسی نەنک و باپیرانی ئێمەی خواردووە، ئێمەش دەم لە گۆشتی وی نادەین!»

ئەم نەقڵە بە چیرۆکێکی خەیاڵی نازانم، چونکە چارەنووسی گەلانی لێ قەوماو و هەمیشە دەربەدەر کەم تا کورت یەک شتە.

**تێبینییەکان:**

**١- بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکم لە وتارێکی پاتریک مۆرۆ (Moreau Patrick) پرۆفیسۆری ئەدەبیات لە کۆلێژێکی مۆنترال و سەرنووسەری گۆڤاری (Argument)، چاپی ١٤/٢/٢٠١٤، وەرگرتووە.**

**(Avoir une pensée pour les Circassiens, ce peuple exclu de l'Histoire).**

*** لەگەڵ هەڤدوو: لەگەڵ یەکتر.**